# بەشی زیاتر لە زەبوورەکان

## زەبوورەکان ٢٢

وانەی ڕابردوو چاومان خشاند بە یەکەم دوو بەشی سیپارەی زەبوورەکان.  زۆر حەزمان دەکرد هەموو بەشێکی زەبوورەکانمان بخوێندایە و باسمان بکردایە — بەڵام لەبەر ئەوەی زەبوورەکان پێك هاتووە لە سەد و پەنجا بەش، ئەو شتە مومکن نیە.

بەڵام، پێش ئەوەی سیپارەی زەبوورەکان دابخەین، پێمان خۆشە دیراسەتی گۆرانیەکی ڕۆحی ترتان لەگەڵ بکەین لەو گۆرانییانەی خودا لە بیری داودی دانا:  بەشی بیست و دوو.  ئەم بەشە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی پێش بینی ئەوەی کرد چۆن مەسیح دەمرێ لە ئێش و ئازارێکی زۆر بۆ ئەوەی قەردی گوناهەکانی هەموو نەوەی ئادەم بداتەوە.  لەم بەشە، داود کەوا پێش هاتنی مەسیح بە هەزار ساڵ، پێش بینی نزیکەی سی ڕووداوی کرد کە ڕوو دەدا لەو ڕۆژەی مەسیح دەمرێ.  کاتێ ئینجیل دەخوێنینەوە، کەوا چیرۆکی مەسیح لە خۆ دەگرێ، دەبینین کە هەموو شتەکان وەك ئەوەی پێغەمبەری خودا داود پێش بینی کرد ڕوویان دا.  بۆیە، دەکرێ دڵنیا بین کە ئەم گۆرانیە لە بیری مرۆڤەوە نەهاتووە، بەڵکو لە بیری خوداوە.  تەنها خودا دەتوانێ پێش بینی ئایندە بکات بەم دیقەتە وورده.

ئێستاش با بخوێنین لەوەی پێغەمبەر داود نووسیویەتی لە زەبووری بیست و دوو.  لەم بەشە، داود ئەو بیرانەی نووسی کەوا لە بیری مەسیح دەبێت لەو ڕۆژەی خوێنی خۆی دەڕێژی وەك سزا دانەوەی گوناه.  ووتی:   (زەبوورەکان ٢٢) [١](خودای من، خودای من، بۆ وازت لێهێنام؟ بۆ وا دووری لە ڕزگارکردنم، لە قسەکانی ئاهم؟ [٣]تۆش خودای پیرۆزیت، لەسەر ستایشی ئیسرائیل دانیشتوویت. [٦]بەڵام من کرمێکم نەک مرۆڤ، مایەی ڕسوای ئادەمیزادان و سووکایەتی خەڵک. [١٤]وەک ئاو ڕژام، هەموو ئێسقانەکانم لێک یابوونەتەوە. دڵم بووە بە مۆم، لە ناوەڕۆکمدا تواوەتەوە. [١٥]هێزم وەک پارچە فەخفووری وشک بووە، زمانم بە مەڵاشوومەوە نووساوە، شۆڕت کردمەوە ناو خاکی مەرگ. [١٦]سەگ دەوریان داوم، کۆمەڵی بەدکارێک ئابڵوقەیان داوم، دەست و پێی خۆمیان کونکردوو.)

تێگەیشتی لەوەی پێغەمبەر داود نووسیویەتی سەبارەت بە مەسیح؟  پێش هەزار ساڵ لە هاتنی مەسیح بۆناو جیهان، داود نووسی: کۆمەڵی بەدکارێک ئابڵوقەیان داوم، دەست و پێی خۆمیان کونکردوو!  بەم ووشانە داود پێش بینی کرد چۆن نەوەی ئادەم دەست و پێی مەسیح کون دەکەن بە لە خاچ دانی.  بۆچی پێغەمبەر داود لە زەبوورەکان نووسی کە بەدکاران دەست و پێی مەسیح کون دەکەن؟  بۆچی مەسیح بەو شێوە بە ئازارە بمرێت؟  بۆچی خودا ڕێگای دا مرۆڤ دەست بۆ ئەو ڕزگاری دەرەی پیرۆز درێژ بکەن کە خۆی ناردویەتی؟

ووشەی خودا وەڵامان دەداتێ.  پێویست بوو ڕزگاری دەرەکە ئازارێکی زۆر بکێشی و بەو شێوە سامناکە بمرێت، تاکو بتوانێ جێگای ئێمە بگرێ و لەباتی ئێمە سزای خودا بکێشێ.  چونکە سزای گوناه مردنە و ئیدانە تاهەتایی لە دۆزەخ، پێویست بوو کە مەسیح تامی ئازاری دۆزەخ بکات کەوا شایەنی ئێمەیە لەبەر گوناهەکانمان.  خودا بە نیعمەتی خۆی، پلانی دانا کە ڕزگاری دەرەکە بنێرێ کەوا لەکەی گوناهی پێوە نەبوو، تاکو ئەو بە ئیرادەی ئازادی خۆی، لە جیاتی هەر یەکێک مردن بچێژێ.  (عیبرانیەکان ٢: ٩)  خودا ئاوها دەیتوانی دەرگایەکی لێ خۆش بوون لە گوناه بکاتەوە بۆ نەوەکانی ئادەم و دەرگایەك بۆ ژیانی تاهەتایی، بێ ئەوەی لە دادپەروەری خۆی دەربچێت!  مەسیح سزای گوناهەکانمان دەداتەوە.  مردنی مەسیحی ڕاستودرووست ئەو هۆیەیە کە خودا، خودای ڕاستودرووست، بتوانێ وەك ڕاستودرووست دادوەری هەموو ئەوانە بکات کە باوەڕیان پێی هەیە.

بەڕاستی ئەوەی پێغەمبەر داود نووسی دەربارەی مردنی مەسیح سەرنج ڕاکێشە. بیری لێ بکەوە!  هەزار ساڵ لەپێش لەدایك بوونی مەسیح، داود نووسی بە ووردەکاریەوە چۆن مەسیح ئازار دەکێشێ لەسەر ئەو خاچەی لێی هەڵدەواسرێ.  ڕەنگە ئەوەی پێویستمان پێ بێ لێی تێبگەین و لە یادمان بێت ئەمەیە:  ڕۆمەکان ئەوانە بوون کە لە خاچ دانیان داهێنا — ئەو مردنە بە ئازارە پێی دەوترێ لە

خاچ دان. لەگەڵ ئەوەشدا کاتی داود دەربارەی ئەو شتەی نووسی لە زەبوورەکان، هێشتا نەتەوەی ڕۆم هێشتا بوونی نەبوو و کەس دەربارەی مردنی کەسێکی تری بەو شێوەیە، واتا لە خاچ دان نەدەزانی، هەڵواسینی ئەو کەسە بە بزمار لەسەر خاچ. بەڵام خودا مردنی مەسیحی لەسەر خاچ لە مێشکی داود دانا و هانی دا لەزەبوورەکان بینوسێ، تاکو ئێمە بێ شك بزانین کەمردنی مەسیح لەسەر خاچ پلانی خودا بوو بۆ ڕزگار کردنمان لە سزای گوناهەکانمان.

ئەو ڕاستیەی ئەم بەشە لە خۆی دەگرێ زۆر باش ئاشکرایە، و دەبێت سەرنجی بدەین. بەڵام هەموو کەس ئەم پەیامەی خودا قەبوڵ ناکات. تا ئەمڕۆش، هەندێ کەس دژایەتی دەکەن لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەری خودا داود نووسیویەتی لە زەبوورەکان سەبارەت بە مردنی مەسیح لەسەر خاچ. ئەوان دەڵێن، (خودا ڕێگا نادات مەسیح بەو شێوە شەرمەزاری و بە ئازارە بمرێت!) بەڵام ئەوانەی وا دەڵێن هیچ لە نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران و پلانی خودا بۆ ڕزگار کردنی گوناهباران نازانن. ئاگادار بە ڕێگای خودا بۆ ڕزگاربوون پشت گوێ نەخەی! ووشەی خودا دەفەرموێ، وشەی خاچ بۆ لەناوچووان گێلایەتییە، بەڵام بۆ ئێمەی ڕزگاربووان هێزی خودایە. (١ کۆرنسۆس ١: ١٨)

ئێستاش با زیاتر تەماشا بکەین داود چی نووسیوە سەبارەت بە بارودۆخی مردنی مەسیح لەسەر خاچ و دەخوێنین مەسیح چۆن دەفەرموێ: (زەربوورەکان ٢٢) [١] (خودای من، خودای من، بۆ وازت لێهێنام؟ [٧] هەموو ئەوانەی دەمبینن گاڵتەم پێدەکەن، توانجم لێدەگرن و سەر بادەدەن و دەڵێن: [٨] (پشتی بە پەروەردگار بەست، با پەروەردگار ڕزگاری بکات. با ئازادی بکات، ئەگەر پەروەردگار دڵخۆشە پێی؟) [١٤] وەک ئاو ڕژام، هەموو ئێسقانەکانم لێک جیابوونەتەوە. دڵم بووە بە مۆم، لە ناوەڕۆکمدا تواوەتەوە. [١٥] هێزم وەک پارچە فەخفووری وشک بووە، زمانم بە مەڵاشوومەوە نووساوە، شۆڕت کردمەوە ناو خاکی مەرگ. [١٦] سەگ دەوریان داوم، کۆمەڵی بەدکارێک ئابڵوقەیان داوم، دەست و پێی خۆمیان کون‌کردوو. [١٧] هەموو ئێسقانەکانم دەژمێرم، ئەمانە تەماشام دەکەن تێمدەڕوانن.
[١٨] جلوبەرگەکەم لەناو خۆیان بەش دەکەن، تیروپشک لەسەر کراسەکەم دەکەن.

بەم ووشانە داود پێش بینی ئەوەی کرد کە لەپاش لە خاچ دانی مەسیح، ئیهانەی دەکەن و گاڵتەی پێ دەکەن و جل و بەرگەکەی لەناو خۆیان بەش دەکەن و تیروپشك لەسەر کراسەکەی دەکەن. ئەم شتە بە ووردی هاتە دی لەپاش هەزار ساڵ لە نووسینی داود. لەوەی لە ئینجیل نووسراوە سەبارەت بە مردنی مەسیح. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: کە لە خاچیان دا، بە تیروپشک کراسەکەیان دابەش کرد. ئینجا لەوێ دانیشتن و ئێشکیان بۆ گرت...ڕێبواران جنێویان پێدەدا و سەریان دەلەقاند و دەیانووت: (ئەی ڕووخێنەری پەرستگا و بنیادنەرەوەی لە سێ ڕۆژدا، خۆت ڕزگار بکە! ئەگەر تۆ کوڕی خودای، لە خاچەکە دابەزە!) (مەتا ٢٧: ٣٥، ٣٦، ٣٩، ٤٠)

ئینجیل تۆمار دەکات چۆن ووشەکانی پێغەمبەری خودای داود جێ بەجێ کرا.

هەروەها ئەمڕۆ دەخوێنینەوە کە داود پێش بینی کرد کەمەسیح توێنی دەبێ و زۆر ئازار جەستەیی وئازاری ناو قوڵایی ڕۆح و گیان دەکێشێ. لەبەر ئەوە مەسیح لە یەکەم ئایەت هاوار دەکات دەڵێت، (خودای من، خودای من، بۆ وازت لێهێنام؟" کاتێ دیراسەتی ئینجیل دەکەین، دەبینین کەهەموو شتێك وەك ئەوەی داود لە زەبوورەکان پێش بینی کردبوو ڕووی دا. بۆچی مەسیح لەسەر خاچ هاواری کرد و فەرمووی، (خودای من، خودای من، بۆ وازت لێهێنام؟) لەبەر ئەوەی خودا، خودایەکی پیرۆزە و ناتوانێ چاوپۆشی بکات لە گوناه. خودا خۆی دەبوایە پشت لە مەسیح بکات کە لەسەر خاچ هەڵیان واسی، و خۆی لێی جیا بکاتەوە، لەبەر ئەوەی خودا هەموو سزای گوناهەکانی ئێمە خستە سەر ئەو. بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئەوەی گوناهی نەدەناسی خودا لە پێناوی ئێمە کردییە گوناه، تاکو لە ئەودا ببینە ڕاستودروستی خودا. (٢ کۆرنسۆس ٥: ٢١)

ستایش بۆ خودا، شتێکی تر هەیە لە زەبوورەکان کە پێغەمبەر داود پێش بینی کرد — مزگێنییەکی زۆر خۆش! لەبەشی شازدەهەم، داود سەبارەت بە مەسیح دەنووسێ و دەڵێت، (چونکە تۆ گیانم لە جیهانی مردوواندا بەجێ ناهێڵیت، هەروەها ڕێ نادەیت پیرۆزی

خۆت گۆڕ ببینێت. ڕێگای ژیانت پێناساندم) (زەبوورەکان ١٦: ١٠، ١١)

بەم شێوەیە داود پێش بینی کرد چۆن خودا پلانی هەبوو مەسیح لە گۆڕەوە هەڵسێنێتەوە، تاکو هەر کەسێك باوەڕی پێ بێنێت بتوانێت لەگەڵی بژێت لە ئامادەیی پارسای پیرۆزی خودا تاهەتا! بۆیە، ئینجیل ڕایدەگەیێنێ: مەسیح لە پێناوی گوناهەکانمان مرد بەگوێرەی نووسراوەکان، ئەو نێژرا و لە ڕۆژی سێیەم هەڵستایەوە بەگوێرەی نووسراوەکان. (١ کۆرنسۆس ١٥: ٣، ٤)

داود هەروەها پێش بینی ئەوەی کرد کە لەپاش هەڵسانەوە مەسیح لە مردن، خودا دەیبات بۆ ئاسمان و پێی دەفەرموێ لەلای ڕاستی ئەو دانیشێ، تا ئەو ڕۆژەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دادوەری خەڵکی زەوی بکات. داود ئاوای نووسی لە زەبوورەکان، بەشی سەد و دە، کاتێ دەفەرموێ: پەروەردگار بە خوداوەندمی فەرموو: (لە دەستەڕاستم دانیشە، تاکو دوژمنانت بخەمە تەختەپێ بۆ پێیەکانت. (زەبوورەکان ١١٠: ١)

لەکۆتایی بەشی بیست و دوو، داود نووسیویەتی: (زەبوورەکان ٢٢) [٢٧] سەرانسەری زەوی پەروەردگاریان بەبیر دێتەوەو دەگەڕێنەوە لای ئەو، هەروەها هەموو هۆزی نەتەوەکان کڕنۆش لەبەردەمی دەبەن...[٣٠] نەوەکان دەیپەرستن، باسی پەروەردگار بۆ نەوەکانی داهاتوو دەکرێت. [٣١] ڕاستودروستییەکەی بەو خەڵکانە ڕادەگەیێنن کە هێشتا لەدایک نەبوون، چونکە ئەم کارەی کردووە!

ئەم زەبوورە بەم ووشانە کۆتایی پێ دێت: ئەم کارەی کردووە! مەسیح چی دەکات؟ لەباتی هەموو گوناهباران دەمرێت! هەموو بەڵێنەکانی خودا بۆ ئادەم و حەوا سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە جێ بە جێ دەکات کەوا خۆیان و نەوەکانیان ڕزگار دەکات لە سزای گوناهەکانیان. مەسیح وەك دوایەمین قوربانی دەمرێت. لە ڕێگای مردنی لەسەر خاچ، مەسیح قوربانی ئاژەڵی هێمایی پوچەڵ دەکاتەوە و جێ بە جێی دەکات کەوا خودا پێشتر داوای دەکرد لە گوناهباران. وەك ئەو بەران لەباتی کوڕەکەی ئیبراهیم مرد، ڕزگاری دەرەکە لەباتی گوناهباران دەمرێت وەك دوایەمین و تەواوترین قوربانی — بۆ هەمووان — تاهەتا! ئەمە مزگێنی خودا بۆ هەموو جیهان: مەسیح لە شوێنی ئێمە مرد! باوەڕی پێ بێنن و ڕزگارتان دەبێت لەدادوەری خودا! ڕێگای ڕزگاربوون بە تەواوی کراوەتەوەیە بۆ هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دەکەن. لەبەر ئەوە پێش ئەوەی مەسیح بمرێ هاواری کرد، (تەواو بوو.) (یۆحەنا ١٩: ٣٠) (ئەم کارەی کردووە!) (زەبوورەکان ٢٢: ٣١) خوداش قوربانی تەواوی مەسیحی جێگیر کرد بە هەڵساندەوەی لە مردن لە سێیەم ڕۆژدا! ئەم هەموو شتانە بە ووردەکارییەوە دەبینین کاتێ دیراسەتی پەرتوکی ئینجیل دەکەین.

لەو کاتەشدا، دەبا ئەم شتەمان لە یاد بێت: پێش هەزار ساڵ لە لەدایك بوونی عیسای مەسیح، پێغەمبەر داود پێش بینی کرد کەوا گوناهباران دەست و پێی مەسیح کون دەکەن! هەروەها با هۆی مردنی بە ئازاری مەسیحمان لە یاد نەچێت. ئەو بۆ تۆ و بۆ من مرد، و بۆ هەموو گوناهباران، تاکو هەرکەسێك باوەڕی پێ بێنێ لەناونەچێ، بەڵکو ببێتە خاوەن ژیانی تاهەتایی! مەسیح ڕێگای بە پیاوانی بەدکار دا دەست و پێی کون بکەن لەبەر ئارەزووی خۆی بە جێ بە جێ کردنی ئیرادەی خودا — و لەبەر خۆشەویستییە مەزنەکەی بۆ من و بۆ تۆ! با ئاشنا بێن لەوەی عیسای مەسیح دەفەرموێ لە ئینجیل: ژیانی خۆم دادەنێم تاکو وەری بگرمەوە. کەس لە منی ناستێنێت، بەڵکو خۆم دایدەنێم. دەسەڵاتم هەیە دایبنێم و دەسەڵاتم هەیە بیبەمەوە. ئەم ڕاسپاردەیەم لە باوکمەوە وەرگرتووە. (یۆحەنا ١٠: ١٧، ١٨)

ئایا تۆ سوپاس و ستایشی خودا دەکەی لەبەر ناردنی مەسیح بۆ ئەوەی ڕزگارت بکات لە گوناهەکانت؟ نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: مەسیحیش لە پێناوتان ئازاری چێژت و نموونەی بۆ بەجێهێشتن، تاکو بە هەنگاوەکانیدا بڕۆن... ئەوەی خودی خۆی لە لەشیدا لەسەر دار گوناهەکانمانی هەڵگرت، تاکو سەبارەت بە گوناه بمرین و بۆ ڕاستودروستی بژین. بە برینەکانی ئەو چاکبوونەوە...ئەوەی لە پێناوی گوناهەکانمان بە گرتن درا و لە پێناوی بێتاوانکردنمان هەڵستێندرایەوە...تاکو هەر کەسێک باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی تاهەتایی هەبێت. (١ پەترۆس ٢: ٢١، ٢٤ و ڕۆما ٤: ٢٥ و یۆحەنا ٣: ١٦)

دەبا خودا هەموو ئەو شتانەیت بۆ ڕوون بکات کە ئەمڕۆ خوێندمانەوە. لە وانەی داهاتوو، بەردەوام دەبین لە نووسینەکانی پێغەمبەران و دەچینە لای چیرۆکی سلێمان کوڕی داود.

خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بیر لەوە دەکەیتەوە بۆچی خودا داودی هان دا بنووسێ: (دەست و پێی خۆمیان کونکردوو.) (زەبوورەکان ٢٢: ١٦)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. تێگەیشتی لەوەی پێغەمبەر داود نووسیویەتی سەبارەت بە مەسیح؟ کە بەدکاران دەست و پێی مەسیح کون دەکەن؟

٢. بۆچی مەسیح بەو شێوە بە ئازارە بمرێت؟

٣. بۆچی خودا ڕێگای دا مرۆڤ دەست بۆ ئەو ڕزگاری دەرەی پیرۆز درێژ بکەن کە خۆی ناردویەتی؟

٤. بۆچی مەسیح لەسەر خاچ هاواری کرد و فەرمووی، (خودای من، خودای من، بۆ وازت لێ هێنام؟)

٥. مەسیح چی دەکات؟

٦. ئایا تۆ سوپاس و ستایشی خودا دەکەی لەبەر ناردنی مەسیح بۆ ئەوەی ڕزگارت بکات لە گوناهەکانت؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:
وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز
(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998}بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org